# نیگەرانیی پاتریۆس لە پەلاماری تورکیا لە عێراق

**سیار محەمەد ساڵح کردوویە بەکوردی**

فەرماندە باڵای سەربازیی ئەمریکی لە عێراق، جەنەراڵ داڤید پاتریۆس، مەترسییەکانی خۆی بە پەیامنێری دیپلۆماتی بی بی سی، جۆناتان مارکۆس-ی راگەیاند سەبارەت بە ئەگەری پەلاماری تورکی لە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردنشینی عێراقدا.
هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە جەنەراڵ پاتریۆس بە لەشکرکێشی تورکی بۆ ناو ئەم وڵاتە زۆر نیگەرانە.
هێزەکانی تورکی، بەقسەی ئەو، هەندێ زیانی قورسیان وێکەوتووە. ئەو بە روونی هیوای خواست کە ئەو ئۆپەراسیۆنە نەکرێ، بەلانی کەمەوە لەبەر ئەو نیگەرانی و هەراسانییەی ئەو پەلامارە بۆ ئەمریکای دروست دەکا.
"بەر لە هەموو شتێ، هێزەکانی تورکی هاوپەیمانی لەمێژینەی ئێمەن" ئەو گوتی.
"ئێمە لە پێوەندیی بەردەوام داین. ئێمە پێوەندییەکی توندو تۆڵمان بەیەکەوە هەیە. ئێمە لەگەڵ هاوشانەکانمان لەوێ قسە دەکەین. لەم رۆژانەی دواییدا، من لەگەڵ ئەفسەرێکی پایەبەرزی تورکی ئاخاوتووم. لێت ناشارمەوە ئەوە هەڵوێستێکی تا بڵێی ناخۆشە بۆ ئێمە.
"ئێمە لە لایەکەوە هاوپەیمانێکی ناتۆمان هەیە و لە لایەکەی تریشەوە، هاوپەیمانێکی ترمانە کە بەیەکەوە شەڕێکی قورسی دوژمنە یاخیبووەکانمان دەکەین".
من نامەوێ بڵێم  کە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا چەند سنووردار دەبێ.
جەنەراڵ پاتریۆس هیوای خۆی دەربڕی کە ئەوانە و رایەڵکەکان لەگەڵ یاخیبووەکانی پەکەکە، مەترسیی ئەو رەوشەیان پێ بگا، وەکو ئەو دەڵێ "تا لە لێوار و هەڵدێر بگەڕێنەوەو  وا نەکەن رەوشەکە خراتر بێ".
هەروا ئەو ئەو ئەگەرەشی بە کراوەیی هێشتەوە کە "هەندێ لەوانەیە مەبەستێکیان هەبێ، هێزەکانی تورکیا بوروژێنن بۆ بەجێگەیاندنی کردەوەیەك، وە هەڵبەت ئەوەش نیگەرانییە بۆ ئێمە".

**روبەرووبوونەوە:**

جەنەراڵ بە پارێز بوو لە وەڵامدانەوە. وەکو هەموو کاربەدەستە پلە باڵاکان، خۆی لەوە دەپاراست بکەوێتە شیکردنەوەی بارە گریمانەئاساکان.
گریمان، سوپای تورکیا ئۆپەراسیونێکی سنووربەزاندنی دەستپێکرد، من پرسیم، دوایە چ روو دەدا؟ داخوا مەترسی ئەوە هەیە روبەرووبوونەوەی راستەوخۆ لە نێوان ئەمریکاو هێزەکانی تورکیا رووبدا؟
جەنەراڵ پاتریۆس پێی لەسەر  سەختیی نا ئاسایی ئەو ناوچەیە تا رادەیەك گەورە شاخاوییە داگرت – ئەو بە ناوچەی سێ سنوور ی تورکیا، ئێران و عێراق وەسفیکرد.
سەبارەت بە روبەرووبوونەوەی لە نێوان ئەمریکا و یەکێ لە هاوپەیمانە ئەقلیمییە سەرەکییەکانی، ئەو گوتی ئەوە سیناریۆیەکی دوورە.
"من نامەوێ پێشوەختە بڵێم ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا چۆن دەبێ، ئەگەر بەکردەوە رووبدا" ئەو گوتی.
لێ ئەگەر تۆ بزانی کامپەکان لە کوێن، ئەگەر تۆ شارەزای تۆپۆگرافیای ناوچەکە بیت، ئەگەر تۆ ئاگات لە رەوشەکە بێت، ئەو گریمانانەی تۆ داتناون دوورن لە واقیع".
جەنەراڵ پاتریۆس هەروا بە پەرۆشەوە جەختی لەسەر پێوەندیی بەربڵاوی ئابووریی کردەوە کە لە هەردوو دیوی سنوور لەنێوان تورکیاو باکووری عێراق نەشونمای کردووە.
"بەدرێژایی چەندین رۆژ، تابوری لۆری (بارهەڵگر) بەدوای یەکدا بۆ ماوەی 4 تا 7 میل (6-11کم) راوەستاون و چاوەڕوانی پەڕینەوە لە سنوور دەکەن" ئەو گوتی. "هەموو رۆژێ هەزاران لۆری لە سنوور دەپەڕنەوە". ئەو گوتی لەم ساڵانەی دواییدا ئاستی وەبەرهێنان لەلایەن کۆمپانیاکانی تورکییەوە لە باکووری عێراق خۆی لە نێوان 8-10 بلیۆن دۆلار دەدا.
"بیناکردنێکی زۆرو زەوەند لە کوردستانی عێراق لە ئارادیەو کاری تێدا دەکرێ" ئەو گوتی.
"زۆربەی ئەو بیناکردنە کۆمپانیاکانی تورکیا جێبەجێی دەکەن، زۆر کەلوپەل و خزمەتگوزاری هی کۆمپانیاکانی تورکیایە.

"ریکەوتننامەی دابەشکردنی کارەبایی هەیە، هەروا پێوەندیی ئابووری و بازرگانی لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەیە، بە هەرێمی کوردیشەوە، کە گرینگیەکی گەورەیان هەیە و هۆکارێکی دیکەش هەیە کە دژی ئەو گریمانەیە کە پێشتر تۆ هێناتە گۆڕێ".

بەگشتی، جەنەراڵ پاتریۆس هەوڵیدا وێنەیەکی عیراق بخاتە روو کە تیایدا ئاستی توندوتیژی، وێرای بەرزی ئاستەکە، لێ بەرەو دابەزینە.

لێ جارێ دووره ، خێرا رەوشەکە بەرەو پێشەوە بچێ.

"شتێك نییە لە عێراقدا خێرا یان ئاسان بێتەدی" ئەو گوتی "عێراق سەخت و تووشە".

خوییایە کە دوا شتێك جەنەراڵ پەتریۆس بیەوێ ببینێ ناسەقامگیرییەکی گەورەترە لە باکوور، کە تا ئێستا، تاکە چیرۆکێکی سەرکەوتوو بووە کە ئیدارەی بۆش لە دوای روخانی سەدام حسێنەوە، دەتوانێ شانازی پێوەبکا و رۆشنایی بخاتە سەر.